حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی دوازدەی (زانستی - وێژەیی)

بە ناوی خودای گەورە

بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی/ کات / ٣ کاتژمێر

**وەڵامی نموونەیی**

خولی دووەم - ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

پەنجەمۆر

**A**

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

١. لە کام لەم ڕستانەدا ئامرازی دانەپاڵ و نیشانەی کار و بکەر دەرنەکەوتوون؟

A) **دەرگا گەورەکە بۆیەکەوە.** B) ڕۆمانە تازەکە چاپکەوە. C) پێنووسە سەوزەکە دانێ. D) قوتابخانە کۆنەکە نۆژەنکەنەوە.

٢. لە ڕستەی (لێکۆڵینەوەکەی چاپکرد.) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ (ڕانەبردوو) پاشان جێناوی (م) بکەین بەدیارخەری ناو دەبێتە:

A) لێکۆڵینەوەکەی چاپدەکەم. B) لێکۆڵینەوەکەم بۆ چاپدەکات. C) لێکۆڵینەوەکەمی چاپدەکرد. D) **لێکۆڵینەوەکەم چاپدەکات.**

٣. دەربارەی ڕستەی (نمرەی باشترین قوتابیم بۆ بڵاوکردنەوە.) کام لەمانە ڕاستە؟

A) هاوەڵناوی پلەی باڵا دیارخەری ناوی (نمرە) یە. B) **دیارخەری ناوی (نمرە) گرێی ناوییە.** C) تەواوکەری بەیاریدە کەسی یەکەمی تاکە. D) (B+C) ڕاستن

٤. لە کام لەم ڕستانەدا وشەی (زۆر) ڕادەی هاوەڵکار نییە؟

A) **خواردنەکە زۆر خۆش بوو.** B) یارییەکە زۆر درەنگ تەواوبوو. C) ئۆتۆمبیلەکەی زۆر دوور ڕاگرت. D) ژوورەکەی زۆر جوان دروست کردبوو.

٥. لە کام ڕستەی (کاری مەرج) دا هاوەڵکار بە دەستووری (ناو+ پاشگر) دروستبووە؟

A) ئەگەر چالاکانە کاربکەین، سەردەکەوین. B) گەر بە دڵسۆزی تێبکۆشیت، مانگانە خەڵاتت دەکەم. C) **ئەگەر ڕۆژانە نەخوێنیت ، دەرناچیت.** D) هەموویان ڕاستن

٦. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، جێناوی لکاوی بکەر دەرناکەوێت؟

A) بەخۆشی بژی. B) نامەکەی بۆ دەنێرم. C) لە وانەکان باش تێدەگەین. D) **نامەکەتان دەگات.**

٧. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بکەین بە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بکەر دەبێتە (ین)؟

A) بردمانی. B) هەڵت بژاردین. C) **فێر تمان کرد.** D) هیچیان

٨. لە کام ڕستەدا وشەی (منداڵ) ئەرکی بکەرە؟

A) منداڵەکە نەخۆش بوو. B) منداڵەکە زۆر زیرەك بوو. C) **منداڵەکە ونبوو.** D) هەموویان ڕاستن.

٩. لە ڕستەی (پێشمەرگە بەجەرگەکان مەردانە وڵات دەپارێزن.) کام لەمانە بە هەمان دەستووری هاوەڵکاری ڕستەکە دروستبووە؟

A) بەتام B) شێرانە C) بەهێز D) **ژیرانە**

١٠. دەربارەی ڕستەی (پەرتووکەکەتانم لێ وەردەگرێت) کام لەمانە ڕاستە؟

A) **بەرکار گرێی ناوییە و جێناوی لکاوی (م) تەواوکەری بەیاریدەیە.**
B) جێناوی لکاوی (تان) تەواوکەری بەیاریدەیە و جێناوی لکاوی (ێت) بکەرە.
C) جێناوی لکاوی (تان) بەرکارە و جێناوی لکاوی (م) تەواوکەری بەیاریدەیە.
D) ئەگەر بەرکار لاببەین ، ڕستەکە دەبێتە (لێتان وەردەگرێت.)

١١. لە ڕستەی (دیارییەکەم بۆ مامۆستاکەی ئەوانە.) وشەی (مامۆستا) دیارخراوە بە:

A) جێناوی نیشانە بۆ کۆی دوور B) **جێناوی کەسیی سەربەخۆ** C) هاوەڵناوی نیشانە D) جێناوی نیشانە بۆ کۆی نزیك

١٢. کام لەمانە کاری یاریدەدەرە و بۆ پێویستی بەکاردێت؟

A) دەمەوێت B) لەوانەیە C) **دەبێت** D) چێدبیت

١٣. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاوی (ت) تەواوکەری بەیاریدەیە؟

A) **بۆتم هەڵسەنگاندووە.** B) لێمانت وەرگرتبوو. C) بۆ ئامانجەکەت تێبکۆشە. D) بۆت نووسیم.

١٤. لە ڕستەی (کرێکارەکانی پرۆژەکە بەدڵسۆزی کاردەکەن.) ئەگەر (دیارخەری ناوەکە) بگۆڕین بە هاوەڵناوی نیشانە، دەبێتە:

A) کرێکارەکانی ئەم پرۆژەیە بەدڵسۆزی کاردەکەن. B) کرێکارەکانی ئەو پرۆژەیە بەدڵسۆزی کاردەکەن. C) کرێکارەکانی ئەوانە بەدڵسۆزی کاردەکەن. D) **ئەم کرێکارانە بەدڵسۆزی کاردەکەن.**

١٥. لە زاری کرمانجی سەروودا کام لەم جێناوە لکاوانە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەبێتە بەرکار، یان بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە:

A) ت B) **ین** C) مان D) هەموویان ڕاستن

١٦. کام لەم کارانە بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت؟

A) پەروەردەکەم B) ڕاگرین C) دا بخەیت D) **هیچیان**

١٧. لە ڕستەی (باخچەکەیان بۆ ڕازاندینەوە.) ئەگەر بەرکار لە ڕستەکەدا لاببەین پاشان تەواکەری بەیاریدە بگۆڕین بە(مان) دەبێتە:

A) بۆیا نمان ڕازاندەوە. B) بۆمان ڕازاندنەوە. C) **بۆمانیان ڕازاندەوە.** D) ڕازاندمانەوە بۆیان.

١٨. لە ڕستەی (کەمێك لەدوور دابنیشە.) وشەی (کەمێك) چییە؟

A) هاوەڵناوی نادیارە B) **ڕادەی هاوەڵکارییە** C) هاوەڵکاری شوێنییە D) ڕادەی هاوەڵناوییە

١٩. لە کام ڕستەدا ئەرکی گرێی ناوی نیهادە و دیارخراو ناوێکی کۆی ناسراوە و دیارخەر ناوێکی تاکی ناسراوە؟

A) گوڵە سوورەکان زۆر جوانن. B) **گوڵەکانی باخچەکە زۆر جوانن.** C) شارەکانی کوردستان ئاوەدان کرانەوە. D) (A+B) ڕاستن

٢٠. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاوی بکەر دەرنەکەوتووە، وە ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەرناکەوێت؟

A) بانگمان بکە. B) وەری بگرە. C) **خەڵاتی بکە.** D) ببینێرە.

٢١. کام لەم هاوەڵناوانە بەهەمان یاسای (نەگۆڕ) دروست بووە؟

A) **بوێر** B) بەهێز C) بێشەرم D) هەموویان ڕاستن

٢٢. لە کام لەم ڕستانەدا هاوەڵناو بووەتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو؟

A) پڕۆژەکەیان بەجوانی تەواوکرد. B) ئاری قوتابییەکی زیرەکە. C) **چیاکانی کوردستان بڵندن.** D) (C+B) ڕاستن

٢٣. لە ڕستەی (هاوینەهەواری شەقڵاوە فێنکە.) بزوێنی (ە) لە دوای وشەی (هاوین) و لە دوای وشەی (فێنك) چین؟

A) ئامرازی دانەپاڵ و کاری ناتەواو B) ئامرازی لێکدان و بەشێکە لە ڕەگی کار C) **ئامرازی لێکدان و کاری ناتەواو** D) ئامرازی دانەپاڵ و بەشێکە لە ڕەگی کار

٢٤. لە زاری کرمانجی سەروودا ئەگەر لە چاوگی (چاندن) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروست بکەین دەبێتە:

A) چاندیە B) چاندووە C) **چاندییە** D) دچاند

٢٥. لە ڕستەی (بەرهەمە نوێیەکەی بۆ بڵاودەکەمەوە.) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە:

A) بەرهەمە نوێیەکەم بۆ بڵاوکردەوە. B) بەرهەمە نوێیەکەم بۆی بڵاوکردووەتەوە. C) بەرهەمە نوێیەکەم بۆی بڵاوکردەوە. D) **(A+C) ڕاستن**

٢٦. لە کام لەم شیعرانەدا سەروای تازە دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕو شەڕخوازان وەستاوە و لەگەڵ ئاشتیدایە؟

A) قەڵاچۆی دوژمن B) **بێشکەی منداڵ** C) سرودێك بۆ پێشمەرگە D) کوردم ئەمن

٢٧. هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیرو ڕای خۆی دەخاتە ڕوو:
A) وتار B) پەخشانی ئەدەبی C) چیرۆك . D) ڕەخنەی ئەدەبی

٢٨. کام شاعیر ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزا و بەتوانا بن ، چونکە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنەگر:
A) ئەحمەدی خانی B) سالم C) حاجی قادری کۆیی D) نالی

٢٩. لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٧٥) گەلێك بابەتی نوێ بەرچاو دەکەون، وەك:
A) نیشتمانی B) خۆشەویستی C) شارستانیەت D) (B+C) ڕاستن

٣٠. کام لەم بەرهەمانە توانیویەتی دەرگایەکی نوێ لەبەردەم ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بکاتەوە وسیمایەکی تازە بداتە ئەدەبی کوردی:
A) ئەنجوومەنی ئەدیبان B) شاعیرەکا نمان
C) مێژووی ئەدەبی کوردی D) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی (بەرگی یەکەم)

٣١. وتارەکەی (ڕەمزی قەزاز) لە ساڵی (١٩٦٧) لە ڕۆژنامەی ............... بلاوکرایەوە:
A) برایی B) هەلاڵە C) نووسەری کوردستان D) برایەتی

٣٢. لە ساڵی (١٩٧٠) بەدواوە کام لەمانە بوو بە هەوێنی چیرۆکی کوردی؟
A) کێشەی کرێکار وخاوەنکار B) ململانێی نێوان دەرەبەگ وجوتیار
C) گیروگرفتی شار D) (C+A) ڕاستن

٣٣. لە کەناری هەرجۆگەیێ ........... نیوە دێڕی دوای ئەمە بریتییە لە:
A) لەسەر گابەردی هەر شاخێ B) لە بەر دەرگای هەر ماڵێ
C) لە سەر هەر بستە زەمینێ D) لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ

٣٤. دەربارەی چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) کام لەمانە ڕاستە؟
A) لەڕووی تەکنیکەوە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکان لە ئاستێکی هونەریی پێشکەوتوودان و تەواو تۆکمەن.
B) لەڕووی ناوەرۆکەوە هەوڵیان داوە پرسی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنە ڕوو.
C) بایەخ دان بە چیرۆکی وەرگێڕاو بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی لە زمانی فەرەنسی وعەرەبییەوە دەکرانە کوردی.
D) چیرۆکنووسانی گۆڤارەکە بەتەواوی لایەنگری جوتیاران.

٣٥. ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی (داهێنانە):
A) حاجی قادری کۆیی B) ئەحمەدی خانی C) مەلای جزیری D) نالی

٣٦. □ دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە ،بۆیە دەبێت ڕەخنەش تیشك بخاتە سەر دەروونی نووسەرو ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە) ئەمە بۆچوونی ڕەخنەیی کێیە؟
A) بوالو B) سانت بیڤ C) مەدام دی ستال D) ئەلفرید دی موسێ

٣٧. کام لەم بەرهەمانە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی حسێن عارفە؟
A) کامەران و هۆنراوەی نوێ B) کۆن و تازە لە شیعردا C) کامەران و دیارییەکە D) کورد و شیعر

٣٨. کام لەم ڕۆمانانە لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێت؟
A) ئەندێشەی مرۆڤێك B) هاوارا دیجلەیێ C) دایکم دووجار گریا D) هەڵکشان بەرەو لوتکە

٣٩. لە قۆناغی ............... سەرجەم دەقە شیعرییەکان پاڵپشتی چینی چەوساوەبوون و دژی زۆرداران وەستاونەتەوە:
A) ١٩٣٩-١٩٥٨ B) ١٩٥٨-١٩٧٠ C) ١٩٧٠-١٩٧٥ D) ١٩٧٥- ١٩٩١

٤٠. دەربارەی زمانی شیعر لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٧٥) کام لەمانە ڕاستە؟
A) شاعیران هەوڵیانداوە , وشەکان لە ناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابڕن و ئاماژەی نوێیان پێببەخشن.
B) زمانی شیعر لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات.
C) زمانی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیر دەکات. D) هەموویان ڕاستن

٤١. دەربارەی ڕۆمانەکانی قۆناغی (جێگیربوون) کام لەمانە هەڵەیە؟
A) ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان سیما و شەقڵی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشیوە . B) بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و خۆدواندن (مەنەلۆگ) داوە.
C) زمانی نووسین زمانێکی تۆکمەو کوردییەکی زۆر ڕەوانە. D) ڕووداوەکان خۆماڵین و لەناو جەرگەی کوردەواری هەڵهێنجراون

٤٢. گۆڤاری (شەفەق) گرەوێکی ڕێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆکی کورت و سێ خەڵاتی تەرخانکرد، لە ئەنجامدا ڕیزبەندیی ئەو چیرۆکانەی خەڵاتیان وەرگرت بەم جۆرە بوو:
A) ١-چەندم لێ ئەستێنی ٢-چای شیرین ٣-شەوێکی درێژ B) ١-شەوێکی درێژ ٢- چەندم لێ ئەستێنی ٣- چای شیرین
C) ١- چای شیرین ٢- شەوێکی درێژ ٣- چەندم لێ ئەستێنی D) ١- چای شیرین ٢- چەندم لێ ئەستێنی ٣- شەوێکی درێژ

٤٣. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە توانی بە سودبینین لە ئەفسانەو هێما مێژووییەکانی ناو کلتوری نەتەوەیی جیهانی وێنەی یاخیبوون پیشانبدات:
A) شێرکۆ بێکەس B) لەتیف هەڵمەت C) موئەیەد تەیب D) جەوهەر کرمانج

٤٤. (بۆ سەربەخۆییت بە گیان و بە ماڵ، بە قوربانی تۆم) ناونیشانی ئەم شیعرە چییە و بەرهەمی کێیە؟
A) سرودێك بۆ پێشمەرگە ، هەژار موکریانی B) کوردم ئەمن ، هێمن C) نەورۆز ، پیرەمێرد D) قەڵاچۆی دوژمن ، قانع

٤٥. دەربارەی (چیرۆکی مامناوەندی) کام لەمانە ڕاستە؟
A) (لە خەوما) لە ساڵی (١٩٧٠) چاپکراوە . B) (خانزاد) لە نووسینی (جەمال نەبەز)
C) (مەسەلەی ویژدان) لە نووسینی (ئەحمەد موختار جاف). D) هەموویان ڕاستن

٤٦. لەم دێڕە لێکچواندنەدا کام لەمانە ئەو بنەمایەیە کە بەراوردەکەی لە سەر بنیاتنراوە؟
قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت    شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ
A) دیداری پاکت B) عەینی C) شەرابم D) ژەهری مار

٤٧. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا جوانیی بایس و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە؟
A) نارنج و تورنج شوبهی زینێ    زەربوییێ ل عیللەتا ئەڤینێ
B) مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو    زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو
C) لە باخ و چڕ ئەوی داروردەختە    هەموو زەردن لە ترسی هێرشی شەختە
D) هەموویان ڕاستن

٤٨. کام بنەمای لێکچواندن لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە؟ ئیلاهی ! نێرگزا مەی مەست و نازك    ژ دەستی خوارو بەدخواهان بپارێز
A) لەوچوو B) لێچوو C) لێچوو ولەوچوو D) لێچوو و لەوچوو ڕووی لێکچوون

٤٩. لەم دێڕە شیعرەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هاتووە؟ مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان    چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
A) دژیەکی ئەرێ و نەرێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو B) تەنیا دژیەکی ئەرێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو
C) دژیەکی ئەرێ و نەرێ و ڕەگەزدۆزیی تەواو D) تەنیا دژیەکی ئەرێ و نەرێ

٥٠. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە؟ گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە    (بەردیش لەجێگای خۆیا سەنگینە)
A) لێکچواندن B) تێهەڵکێش C) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو D) (C+B) ڕاستن